**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

پشت بە حوکمی بڕگەی (١ ) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراوو، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق لە دانیشتی ئاسایی ژمارە (٣٣)ی رۆژی ٢٠١٣/٦/١٩ بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە ( ١٦)ی ساڵی ٢٠١٣

## یاسای هەمواری دووەمی یاسای هەڵبژاردنی ئە نجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکانی ژمارە ( ٤ )ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**ماددەی یەکەم:**

راگرتنی پیادەکردنی برگەی (پێنجەم)ی ماددەی سی و دووەم (دووبارە)ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق ی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩، لە هەڵبژاردنەکانی خولی هەڵبژاردنی دووەمی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان لە هەرێمدا.

**ماددەی دووەم:**

ماددەی (دوازدەم)ی هەموارکراو بە یاسای ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠١١، هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**یەکەم:** پۆلیسی خۆجێیەتی لە وەزارەتی ناوەخۆ کاری پاراستنی بنکەکانی هەڵبژاردن لە کاتی پرۆسەی هەڵبژاردندا لە ئەستۆ دەگرێت.

**دووەم:** هێزەکانی ئاسایشی ناوەخۆو چەکداران بۆیان نیە بچنە نێو بنکەکانی هەڵبژاردن تەنها لەسەر داواکاری سەرۆکی لیژنەوە نەبێت.

**ماددەی سێیەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی چوارەم**

ئەم یاسایە لە رێکەوتی دەرچوواندنی جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)دا بلاودەکرێتەوە.

**د. ارسلان بایز اسماعیل**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

## هۆیە پێویستکارەکان

**بۆ ئاسانکردنی ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبـژاردنی ئەنجومەنـەکانی پارێزگاکـان لـە کـاتی خۆیدا بە شێوەیەکی دروست، ئەوا ئەم یاسایە دەرچوێندرا.**

---

تێبینی/ ئەم یاسـایە بـەبریاری ژمـارە (٤٦٣) ی سـالی ٢٠١٣ لەلایـەن سـەرۆکی هـەرێمی کوردسـتان پەسەندکرا.